سەيد حەكيم لە ڕەحيماوە: يەكريزى و خۆشەويستى بنەماى سەقامگيرى كەركووكە و عێراقيش دەتوانێت ئەو ڕكابەرييە تيپەڕ بكات

بەڕێز سەماحەتى سەيد حەكيم سەرۆكى هاوپەيمانێتى هێزە نيشتمانييەكانى دەوڵەت لە شارى كەركووك لە ناوچەى ڕەحيماوە لە ميوانخانەى شێخ مەريوان هەمەوەندى چاوى كەوت بە كۆمەڵيك شێخ و پياوە ديارەكانى هۆزى هەمەوەند و لەم ديدارە سەماحەتى خۆشحاڵى خۆى دەربڕى بە ديدارى زۆربەى پێكهاتەكانى شارى كەركووك و باسى هەڵوێستى ئيمام حەكيمى كرد كاتى خۆى شەڕى كوردى حەرام كرد لە ماكينەى سەربازى ئەوكاتە و ستايشى ڕۆڵ و پەيوەن\ى پێكهاتەكانى شارەكەى كرد و گوتى يەكڕيزى و خۆشەويستى دەروازەيە بۆ كەركووك و سەركەوتنى عێراق.

سەماحەتى دووپاتى كردەوە كە كۆتاييهاتنى هاوپەيمانێتى نێودەولەتى بەڵگەنامەيەكە لە هەموو وڵا تانى جيهان كە عێراق سەقامگيرە و ئەمرش رۆژى سەروەرى نيشتمانييە، ڕوونيشى كردەوە كە رۆژى سەروەرى پەيماێكى چاكبوونەوەيە و هەستانەوەيە و داواى كرد پەيامى دڵنيايى و هاوبەشى بە پێكهاتەكان بدەن، هەروەها ئاماژەى بۆ قوربانى باوكان كرد وداواى لە رۆڵەكان كرد لەسەر ڕێگاى ئەوان برۆن و هۆشدارى دا لە هەر گوتارێكى تايفى و خۆپەرستى كە ئامانجى ئەوەيە خەڵك بۆ چوارگۆشەى يەكەم بگەڕێنێتەوە و گوت ئێستا ڕۆژى خۆشەويستى و يەكگرتنە.

بەڕێز حەكيم بانگەوازەكەى نوێكردەوە بۆ هەنگاونان بەرەو پێشەوە بە گرنگيدان بە توێژى فەرمانبەران و جووتياران و بەڵێندەران بۆ بەردەوامبوونى چەرخى ئابوورى و دابينكردنى هەلى كار و گەيشتن بە ئاسايشى خۆراک و جێبەجێكردنى پڕۆژەكانى خزمەتگوزارى و گەشەپێدان، متمانەى خۆى دەربڕى كە عێراق بەسەر تەح□دداى ئابوورى و هەروەها تەحەدداى ئەمنى و سياسى و كۆمەڵايەتيدا زاڵ دەبێت، بۆ عێراق هێڵێكى بەرزبوونەوەيە، هەروەها ستايشى هەموو ئەو هەوڵانەى كرد كە لە ئەنجامدا بووە هۆى پاراستنى وڵاتەكەى سەقامگيرى و دەستكەوتەكان و زاڵبوون بەسەر تەحەداكەدا تا كەمترين زيان بچينە دەرەوە.